# ویلایەتی فەقیە خەتی سووری ئوستانداری کوردستانە

فەریبا محەمەدی





ئیسماعیلی نەجاڕ_ ئوستانداری ئێستای کوردستان

سەرەنجام دوای چەند مانگ باس و لێکۆڵینەوە لە نێوان نوێنەرانی ئوستانی کوردستان و وەزیری ناوخۆ، ئیسماعیل نەجاڕ لە لایەن مستەفا پوورمحەمەدی وەزیری ناوخۆوە وەك ئۆستانداری ڕژیم بۆ ئەم پۆستە دیاری کرا. دەستنیشان کردنی ئیسماعیلی نەجاڕ برای وەزیری بەرگری ئێران بۆ پۆستی ئوستانداری لە درێژەی هەمان سیاسەتی ملیتاریستی و پێکهێنانی کەش و هەوای نیزامی بە سەر ئۆرگان و دامەزراوەکانی و لە ئاکام دا پێکهێنانی ترس لە کۆمەڵگادا بەڕێوە دەچێت، کە بە هاتنی ئەحمەدی نژاد لە ئاستێکی بەرین و دوژمنکارانەتر بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان دەچێتە پێش.

ئەحمەدی نژاد بە کەڵك وەرگرتن لە کەسانی گوێ ڕایەڵی ویلایەتی فەقیە و دانانیان لە پۆستە جۆراوجۆرەکاندا بۆ یەکدەست کردنەوەی دەسەڵاتی ڕژیم هەنگاو هەڵدەگرێت. ئیسماعیلی نەجاڕ کە پێشتر لە پۆستی جێگری فەرمانداری سنە و بەخشداری ناوەندی و هەروەها فەرمانداری مەریواندا کاری کردووە، بۆخەڵکی کوردستان کەسێکی ناسراو و نێو زڕاوە و رابردووی فەرمانداری تازەی کوردستان بەڵگەیەکی باشە بۆ ئەم ڕاستییە. لە یەکەم کۆبوونەوەی ئوستانداری تازە کە لەگەڵ وەزیری ناوخۆ بۆ سپاردنی ئەم پۆستە بە ناوبراو لە ١٤ی مانگی بەفرانبار لە شاری سنە بەڕێوە چوو، ناوبراویش وەك ئەحمەدی نژادی سەرۆك کۆمار دستی دایە بانگەشە کردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەڵاواردن و دابین کردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و بەم شێوەیە بە خەیاڵی خۆی کەوتە فریودانی خەڵك، بێ خەبەر لەوەی کە سەردەمی ئەم جۆرە درووشمانە لە لایەن ئەم ڕژیمەوە کۆتایی پێهاتووە و کەس بەم ڕژیمە لە ژێر هیچ ناوێك دا متمانە ناکات.

لەماوەی دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی دا ئەو پۆستانەی کە لە لایەن ڕژیمەوە گرینگیەکی ئەو تۆیان بووبێت هیچ کات بۆ خەڵکی ناوچەکە ڕەچاو نەکراوە و تەنانەت بۆ پۆستی بەڕێوەبەرایەتی کوردستان لە کەسانی دیکە کەڵك وەرگیراوە. سیاسەتی نادروست و دژە خەڵکی لە کوردستان ڕوون و ئاشکرایە، خەڵکی کوردستان دڵێکی خۆشیان لە ئوستاندارەکانی دیکەی سەر بە ڕژیم نییە و هەموو کات دیویانە کە وڵامی خواستەکانیان لە لایەن ئەم ڕژیمەوە سەرکوت کراوە. تەنیا شانازی محەمەد ڕەزا ڕەحیمی پاش دوو دەورە ئوستانداری کوردستان ئەوە بوو کە چەکی لە لاوانی کوردستان سەندۆتەوە و گیرۆدەی ماددە سڕکەرەکانی کردوون و بەڕادەیەکی زۆر دەوری سەرەکی لە بواری گیرۆدەکردنی لاوان بە ماددە سڕکەرەکان گێڕاوە و هەروەها ڕەمەزانزادەش کۆنە ئوستانداری کوردستانیش دەوری سەرەکی لە سەرکوتی ئێعترازو ناڕەزایەتییەکانی ڕەشەمەی ٧٧ لە کوردستان دا گێڕا. ڕازانیش وەك باقی ئوستاندارەکانی دیکە لە سەرکوتی ئێعترازە جەماوەرییەکانی خەڵکی کوردستان لەوانی دیکە کەمتر نەبوو. ئەمە لاپەڕەی پڕ جینایەتی ئەم کەسانەیە و ئێستایش ئیسماعیلی نەجاڕ بە پاڵپشتی ئەحمەدی نژادی سەرۆك کۆمار بیر لە دەورێکی دیکە لەم جینایەتانە و هەروەها هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی دیکە لەم پەروەندە پڕ ستەم و چەوسانەوە لە کوردستان دا دەکەنەوە.

ئیسماعیلی نەجاڕ لە ماوەی ڕۆژەکانی ڕابردوودا لە وت و ویژ لەگەڵ ڕۆژنامەوانان لە شاری سنە ڕایگەیاندووە: کە ئازادی بیروڕا بەڕادەیەك زۆرە کە نابینرێت و ئەم مەسەلەیەش خاڵێکی بەرچاوە بۆ جیاکردنەوەی چاپەمەنییەکان، بەڵام لەهەموو وڵاتانی جیهان دا ڕادەو سنوورێك یان خەتێکی سوور هەیە کە تێپەڕاندنی ئەم خەتە سوورە چاوەڕوان نەکراوە. ئیسماعیلی نەجاڕ لە کۆتایی قسەکانی دا دەڵێت: کە خەتی سوور و ڕادەی ئازادی ڕادەربڕین لە بواری چاپەمەنییەکان و بەگشتی ئازادی ڕادەربڕین خەتی سووری ویلایەتی فەقیهە و لەگەڵ کەسانی ئەم دیوی خەتەکە کاردەکەین، بەڵام لەگەڵ کەسانی ئەو دیوی ئەو سنوورو ڕادەی کە ڕەچاو کراوە هیچ لێبووردنێکمان نییە. لە ڕاستی دا وتەکانی نەجاڕ لەسەرەتای دەست پێکردنی کاری ئوستانداری کوردستان هەڕەشەیەکی جیدییە و ئاماژەیەکە بۆ ڕۆژنامەوانان و کەسانی قەڵەم بەدەست و چالاکانی بواری چاپەمەنییەکان دەبێ چاوەڕوانی بەرتەسك کردنەوەو داخستن و بێکار بوونیان لەم بوارانە دا بکەنەوە. ناوبراو بۆ سەلماندنی ئەم قسانە لەماوەی ڕۆژەکانی ڕابردوو دا دەستووری داخستنی حەوتوونامەی سیروانی دەرکرد تا هەر لە سەرەتای دەست بەکار کردنی زەبرێکی لە ڕۆژنامەوانان دابێت.

ڕۆژنامەوانان و کەسانی چالاك وهەڵسووڕاوی بواری چاپەمەنییەکان و مافی مرۆڤ لە کوردستان لەم دەورەدا کەوتوونەتە بەر هێرش و سەرکوت و سانسۆڕی ڕژیم. ئەو بلاڤۆك و ڕاگەیاندنانەی لە لایەن حیزبوڵڵای کوردستانەوە کە لەماوەی حەوتووەکانی ڕابردوودا بە دژی هەڵسووڕانی کۆمەڵێك لە چالاکانی چاپەمەنی کۆمەڵایەتی بڵاوکراونەتەوە نیشاندەری ئەم مەسەلەیە کە ڕژیمی ئیسلامی بۆ قەتیس کردنەوە وپێش گرتن بە نەیاران و ڕەخنەگرانی خۆی لە هیچ ڕێگایەك ناپرینگێتەوە. بەم کردەوانە لە هەوڵی وەڕێ خستنی شەپۆلێکی نوێی سەرکوت و پێکهێنانی کەش و هەوای ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو خەڵکی کوردستان بە گشتی وهەڵسووڕاوانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆژنامەوانان بە تایبەتی دایە. بیری زاڵ بەسەر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامی لە سەر بنەمای ویلایەتی فەقیە دامەزراوەو ئەو خەتی سوورەی کە نەجاڕ، ئوستانداری کوردستان بە پشت بەستن بەم جۆرە بیرکردنەوە هەڕەشە لە ڕۆژنامەوانان و چالاکانی بواری چاپەمەنییەکان دەکات بە دژی سەرجەم خەڵکی ئێران و کوردستانە.

ویلایەتی فەقیە لە هەموو بوارێك دا خەتی سووری لە نێوان ماف و ویست و داخوازییە سەرەتاییەکانی خەڵك دا کێشاوە و بەم پێیەش نەیارانیان قەڵاچۆ کردووە. ئێستا دەبینین کە تەنیا بە هۆی ڕەخنە لە ویلایەتی فەقیە دەیان و سەدان کەس لە سیاچاڵەکانی ئەم دەسەڵاتە نامەشرووعە دا بەسەر دەبەن کە لە چەشنی وەها دەسەڵاتێك لە جیهان دا کەم وێنەیە.

# گەندەڵی، لە بوودجەی ساڵی ١٣٨٥یشدا خۆی دەرخست

فەرامەرز سەجیم




ئەحمەدی نژاد کە بە دروشمی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و خەبات بە دژی گەندەڵی و کورتکردنەوەی دەستی تاڵانچییان و "موفسیدانی ئیقتسادی" پێی نایە ناو دەسەڵاتەوە، نە تەنیا لەمبارەوە هەنگاوێکی هەڵنەگرت و درۆیینە بوونی بەڵێنەکانی زۆر زوو دەرکەوت، بەڵکوو بەو سیاسەت و بەرنامە نادروستانەی لەم ماوەیەدا ڕەچاوی کرد و بەو ناشایستە سالارییەی لە دام و دەزگاکاندا سەپاندوویەتی، هێندەی دیکە پەرەی بە گەندەڵی داوە. لە یەکەم هەنگاودا، ئەحمەدی نژاد هاوبیرانی توندڕەو و فەرماندە نیزامییەکانی کردە وەزیر و ئوستاندار و فەرماندار و ئەوانی پێشووی لە سەرکار لابرد. ئەمە بووە هۆی ناڕەزاییەکی زۆر لە دەوڵەتی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو، بە جۆرێ کە ئەو ناڕەزایی دەربڕینە تەشەنەی کردە ناو بەشێك لە پاوانخوازانیش و گەیشتە ئاستێك کە خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دەخاڵەتی کرد و بە پشتیوانیکردنی لە ئەحمەدی نژاد، هەرا و هوریاکەی دامرکاند.

ئەو گەندەڵییەی کە کۆماری ئیسلامیی و هەموو دام و دەزگاکانی لە خۆیدا نووقم کردووە، لە بوودجەی دەوڵەت بۆ ساڵی ١٣٨٥یشدا خۆی دەرخستووە. لە گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی ١٣٨٥دا کە ڕێکخراوی مودیرییەت و گەڵاڵەدانان ئامادەی کرد و دەوڵەت بە مەجلیسی شورای ئیسلامی پێشنیار کرد، دام و دەزگاکانی پەرەپێدەری بیر و بۆچوونی ئیسلامی، وەك وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی و سازمانی تەبلیغات و ئەوانی دی، بوودجەکەیان ٢٥٠٪ زیادی کردووە.. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بوودجەی وەزارەتی بێهداشت و دەرمان کە یەکێ لە گرینگترین وەزارەتخانەکانی وڵاتە و دەبێ سڵامەت و بێهداشتی کۆمەڵگا دابین بکات، گەشەیەکی ئەوتۆی نەسەندووە. تەنانەت بوودجەیەك کە دەخرێتە ئیختیاری هەر وەزیرێك و لە ڕابردوودا ١ میلیارد تمەن بووە، بۆ وەزیری فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی ١٩ میلیارد تمەن بووە و بۆ وەزیری بێهداشت و دەرمان هەمان ١ میلیارد تمەن دیاریکراوە. جێی وەبیرهێنانەوەیە ئەحمەدی نژاد چەند حەوتوو لەوەپێش بۆ بووژاندنەوە و ڕازاندنەوەی مەرقەدی ئیمام ڕەزا، ٣٠٠ میلیارد تمەنی تەرخان کرد. لە پاش هاتنە سەر کاری ئەحمەدی نژادەوە، کەمتەرخەمی دەوڵەت و بەرپرسانی حکوومەتی لە حاست کێشە و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان زۆرتر بووە و هەموو چەشنە دیاردەیەکی دزێو لە ناو کۆمەڵگادا پەرەی سەندووە و هەروەها گرفتی خەڵك زۆرتر بووە. هەروەها بێکاری و هەژاری و ئیعتیاد و فەحشا چەند قات زۆرتر بووە، بەڵام لەو لاوە دەوڵەت بە تەرخانکردنی بوودجەی سەرسووڕهێنەر لە بوودجەی وڵات گوێی خۆی لە حاست ئەو ڕاستییانە خەواندووە.

پەرەدان بە خورافە پەرەستی و دواکەوتوویی هەمیشە، ئامانجی سەرەکیی ئەم ڕژیمە بووە و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەوەیان بە ئەرکی خۆیان داناوە. هەر بە تەنیا سەرنج دانێك بە وەزعی بێهداشت و دەرمان لە وڵاتدا، ئاستی ئەو گەندەڵییەی کۆماری ئیسلامی بە باشی دەردەخا. کەمیی دوکتور و پەرەستار و دەوا و دەرمان و لە سەرەوە بوونی نرخی دەرمان، گرفتێکی گەورەی کۆمەڵگای ئێرانە و قورسایی ئەو قەیرانە کۆمەڵایەتییە هەمیشە دەکەوێتە سەر شانی کۆمەڵانی خەڵکی هەژار و کەمداهاتی کۆمەڵگا. وەزعی خراپی بیمەی دەرمانی سەرباری ئەو گرفتانەیە و کەمبوونی نەخۆشخانە زۆر بەرچاوە. دەوڵەت هەنگاوێکی ئەوتۆ لە بەرانبەر بڵاوبوونەوەی هەر ڕۆژەی نەخۆشینی ئەیدزدا هەڵناگرێ و حاشا کردن لێی بە کارساز دەزانێ. ئاماری گیرۆدەبووان بە نەخۆشی هیمۆفیلی و سل و هیپاتیت و ژمارەی کەم ئەندامان و نەخۆشە ڕەوانییەکان، ئامارێکی زۆرە. بۆ چارەسەر کردن یان کەمکردنەوەی ئەو گرفتانە، دەبوو دەوڵەت هەنگاوی جیدی هەڵبگرێ، بەڵام دەوڵەتێ کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك کاربەدەستی بێکیفایەتی نیزامی و ئایینی وەك کابینەکەی ئەحمەدی نژاد، چاوی لە حاست هەموو ئەمانە نووقاندووە. کۆمەڵگای ئێران لە هیچ کاتێکدا بە قەدەر ئێستا یەخسیری دەرد و ڕەنج و مەینەتی نەبووە. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە لایەکەوە باسی بڕیارەکانی دەوڵەت بۆ کەمکردنەوەی ڕادەی زەرەر و زیانی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن و لە لایەکی دیکەوە کەمترین ئیمکانات و بوودجەی بۆ تەرخان دەکەن. نامەشرووع بوون و نادێمۆکراتیك بوونی ئەم ڕژیمە لەم جۆرە کردەوەو سیاسەتانەیەوە بە باشی دەردەکەوێ. ڕژیمێك کە خورافە پەرەستی و دواکەوتوویی و درۆ و دەلەسە مێژووییەکانی لە واقعییاتی ئەمڕۆی کۆمەڵگای بە لاوە گرینگە و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی دەخاتە پەراوێزی ئامانجە چەوتە سیاسییەکان و ئەمنییەتی دام و دەزگا حکوومەتییەکان زۆرتر لە سڵامەت و ئەمنییەتی کۆمەڵگا دەپارێزێ، بێشك ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەرەپێدەری قەیران و کێشە کۆمەڵایەتییەکانە و شیاوی ئەوە نییە بە سەر کۆمەڵگایەکی گەورەی وەك ئێراندا دەسەڵاتداری بکات.